




بارەگای کونسولگەریی ئێران لە هەولێر

# ئیتلاعات لـ

بەشی یەکەم
لڤین

●کردنەوەی کونسوڵخانەی فەرمیی ئێران لە ناوەڕاستی مانگی رابردوودا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، دوا هەواڵی پێکەوەبەستنەوەی ئەو ئەڵقە پچڕاوانە بوو کە گرتنی فەرهادیی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا بۆ جموجوڵو چالاکییەکانی ئێران دروستیکرد لە هەرێمی کوردستاندا.

ئاهەنگی کردنەوەی ئەو کونسوڵخانە فەرمییە لە هەمان ئەو بینایەدا بەڕێوەچوو کە لە ٢٠٠٦/١/١٠ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە هەڵکوترایە سەریو پێنج گەورە کاربەدەستی ئێرانییان تێدا دەستگیرکرد کە لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو بە بانگهێشتی فەرمی هاتبوونە هەرێمی کوردستانو لەنێویاندا محەمەد جەعفەری سەحرارودی جێگری سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانو بەرپرسی مەلەفی عێراقو بەشدار لە تیرۆری د. قاسملو هەبوو.

بە وتەی سەرچاوەکان، ئامانجی سەرەکیی ئەو هەڵمەتە بە پلەی یەکەم سەحرارودی بووە، بەڵام بەهۆی سوودوەرگرتن لە یارمەتیی دەسەڵاتی کوردییەوە توانیی لەو هەڵمەتە رزگاری بێتو لەڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە بگاتەوە تاران.

هەرچەندە ئێران بە فەرمی ناڕەزایی خۆی دەربڕی لە گرتنی کارمەندو دیپلۆماتەکانی لە عێراقو بە نەریتێکی دوور لە بنەما نێودەوڵەتییەکانی کاری دیپلۆماتیی لەقەڵەمدا، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی لە عێراق سورن لەسەر ئەوەی کە ئەو گیراوانە بەرپرسی سەربازییو هەواڵگریی پایەبەرزی ئێرانین لە عێراقداو سەرپەرشتیی بەشێکی گەورە لە کارە توندوتیژییەکانی ناو عێراق دەکەن.


سەرچاوەیەک لە سوپای ئەمریکی بە رۆژنامەی (ئەلزەمان)ی راگەیاند چەندین نەخشەو دۆکیۆمێنتی گرنگ بەو ئێرانییانە گیراوە کە لە



کازمی قومی - باڵیۆزی ئێران له عێراق



سوهەیلی کرمانجی کونسولگەری ئێران له هەولێر



هەرچەنده چالاکییه زۆرەکانی ئیتلاعات له عێراقو هەرێمی کوردستان، بووە هۆی نیگەرانیی ئەمریکا، بەڵام بەزوویی بۆی دەرکەوت که مامەڵەی لەگەڵ نیگەرانییەکاندا له جێگەی خۆیدا نەبوو، هەروەها ئەو راستییەشی بۆ دەرکەوت که ئەو تەنها حاکمی موتڵەقی عێراق نییه، بەڵکو ناچاره له عێراقدا شەریکایەتیی سەرسەختترین دوژمنی خۆی قبوڵبکات ، که ئەویش ئێرانه. ئەمریکییەکان که له سەرەتاوه زۆر توند بوون بەرامبەر به بوونو چالاکیی ئێرانییەکان له عێراقو کوردستانداو دەیانویست بنبڕی بکەن، ئێستا سازشو نەرمینواندنی گەوره دەبینرێت بەرامبەر به ئێران، که دیارترینیان رەزامەندییه لەسەر کردنەوەی نووسینگەی کونسولگەریی ئێران له هەولێرو بەردانی یانزه دیپلۆماتی ئێرانی له عێراق که له ماوەی چەند ساڵی رابردوودا به تۆمەتی سیخوڕیو کاری تێکدەرانه دەستگیرکرابوون، ئەمەش له بەرامبەر دەستهەڵگرتنی ئێران له یارمەتیدانی گروپه توندڕەوەکانی عێراقو کوشتنی سەربازه ئەمریکییەکان له عێراقدا که لەم یەك دوو مانگەی دواییدا بەرەو کەمبوونەوە چووه.

چاودێران وای بۆ دەچن که رێککەوتنی ئیستخباراتیی نێوان ئەمریکاو ئێران، کاریگەریی هەبووه لەسەر باشبوونی ئاسایشی عێراق.

# ـــه کوردستان

له ژمارەی داهاتوودا

**بەشی دووەمی ئەم بابه تایبەته به چالاکییەکانی ئیتلاعات له ناوچەی هەرێمی کوردستاندا چاوەڕوان بن**

هەولێر دەستگیرکران، لەوانه؛ نەخشەی گەڕەکه سوننییەکانی بەغداو پیلانی دەستبەسەراگرتنی بەغدا له چوارچێوەی پلانی ئاسایشی بەغدادا. بەپێی وتەی سەرچاوه سەربازییەکه، ئەو پلانەی که گیراوه ئێرانییەکانی هەولێر دانیان پێدا ناوه بریتی بووه له چڕکردنەوەی شەڕ له شارو گەڕەکه سوننییەکان، لەوانه گەڕەکەکانی ئەعزەمیەو دوورەو غەزالیەو پارێزگای ئەنبارو شاری موسڵو هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی سوپای مەهدیو بەدوورگرتنی ناوچەو سوپاکەیان له رووبەڕووبوونەوەی قورس، هەروەها یارمەتیدانی گروپه توندڕەوو بەرهەڵستکاره سوننییەکانی عێراق که دژی ئەمریکا دەجەنگن بەبێ گوێدانه ئینتیمای ئایینیو مەزهەبییان. سەرچاوەکه ئاشکرایکردووه ئەو گیراوه ئێرانییانه دیپلۆمات نین، بەڵکو گەوره ئەفسەری سوپای پاسدارانو قودسنو بەرپرسیارن له پارەدارکردنو چەکدارکردنی گروپه یاخییەکان له عێراقدا، هەروەها ئەو بارەگایەش که لێی بوون هیچ سیفەتێکی کونسولگەریی نەبووه، بەڵکو مەکتەبێکی نافەرمیی کاروباری ئێران بووه له هەرێمی کوردستان.

هەشت مانگو ده رۆژ دوای هەڵمەتەکەی سەر بارەگای نووسینگەکەی ئێران له هەولێر، سیاسەتی ئەمریکی لەم کارەیدا پەیڕەوی پێشنیارەکانی بیکەر- هاملتۆنی کردووه که ئاماژه بەوه دەکات راگرتنی ئاسایشی عێراق پابەنده به باشکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکاوه لەگەڵ ئێرانو سوریادا.

له بەرەبەیانێکی زوودا، له ئوتێلی سلێمانی پالاس مەحمودی فەرهادی قۆڵبەست کرا له کاتێکدا هاوڕێیەتیی وەفدێکی بازرگانیی ئێرانیی دەکرد که لەسەر داوای پارێزگاری سلێمانی هاتبوونه ئەو شاره. هەڵمەتەکه رۆژێك دوای گەیشتنی وەفدەکه به هاوبەشی دەزگای ئیستیخباراتی عەسکەرییو دەزگای هەواڵگریی ناوەندی

ئەنجامدرا بە جلوبەرگ‌و سەیارەی مەدەنییەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەی لایەنە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان. بەپێی زانیارییەکانی (ڤین) دوای ئەوەی کاتژمێر ٤:٣٠ بەیانی فەرهادی دەستگیرکرا، ئێرانییەکانی هاوڕێی بە ئۆتۆمبێلی بەرپرسێکی پایەبەرزی حکومەت ڕەوانەی شوێنێکی پارێزراو کران بە مەبەستی شاردنەوەیان لە ترسی دووبارە هەڵکوتانە سەریان.

هەرچەندە ناوەندە فەرمییەکانی ئێران‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی کۆمار، نیگەرانییان نیشاندا لە دەستگیرکردنی فەرهادی‌و ڕایانگەیاند ئەندامی ژووری بازرگانیی کرمانشانەو بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی بازرگانی سەردانی شاری سلێمانی کردووە بە مەبەستی ئیمزاکردنی چەند گرێبەستێکی بازرگانی، بەڵام





چەند ڕۆژێك دوای ئەو ڕووداوە، ژەنەراڵ کیڤن بێرگەر وتەبێژی هێزی سەربازیی ئەمریکی لە عێراق، ڕایگەیاند «ئەوان هیچ چارێکی دیکەیان نەبوو جگە لە گرتنی فەرهادی.» وتەبێژەکە وتی: «بەڵگەی گرنگیان لەبەردەستدایە کە فەرهادی ئەفسەری سوپای قودسەو بەرپرسە لە هێنانی چەك‌و پارە بۆ گروپە توندڕەوەکانی عێراق.» سەرچاوەیەکی سەربازییش بە بەشی فارسی سایتی (BBC)ی ڕاگەیاند کە فەرهادی بەرپرسە لە گواستنەوەی جۆرێك لە تەقەمەنی کە توانای هەیە زرێپۆش ببڕێت‌و لەم دواییانەشدا چەندین زرێپۆشی ئەمریکی بەوجۆرە تەقەمەنییە لە عێراق تێکشکاون.

هەرچەندە ئەم ڕووداوە بووە هۆی توڕەکردنی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق‌و بەڕەسمی نیگەرانیی خۆی ئاڕاستەی باڵیۆز کرۆکەر باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق‌و ژەنەراڵ پترایۆس فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کردو تیایدا ئاماژەی بەوە دابوو کە کە فەرهادی ئەندامی ژووری بازرگانیی کرمانشانەو بە بانگهێشتی فەرمیی پارێزگاری سلێمانی هاتووەتە هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەمریکییەکان وەڵامی ئەم داوایەی تاڵەبانییان نەدایەوەو ڕایانگەیاند حکومەتی عێراقی دەبێت تێگەیشتنی هەبێت بۆ ئەو بارودۆخەی کە سوپای قودس لە عێراق خوڵقاندوویەتی‌و فەرهادییش یەکێکە لە ئەفسەرە پایەبەرزەکانی ئەو سوپایەو تێوەگلاوە بە چەندین کاری توندوتیژییەوە دژی سوپای ئەمریکی لە عێراق.

لەگەڵ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە فەرهادی بە بانگهێشتی فەرمیی‌و لە چوارچێوەی وەفدێکی بازرگانیدا هاتووەتە کوردستان، بەڵام حەسەن باقی هەورامی سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی ئەوەی بۆ ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)ی لەندەنی درکاندووە کە فەرهادی لەنێو ریزی وەفدە بانگهێشتکراوەکەدا نەبووە، بەڵکو هاوڕێیەتیی وەفدەکەی کردووە. ئەمەش گومانەکان لەسەر فەرهادی چڕتردەکاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە پێگەی ئەلکترۆنیی خۆیدا ناسنامەو شوێنی کارکردنی فەرهادیی ئاشکراکرد. بەپێی زانیارییەکانی موجاهیدین، مەحمودی فەرهادی فەرماندەی قەرارگای زەفەری سەر بە سوپای قودسە کە بارەگاکەی لە شاری کرمانشانەو ناوەندی چالاکییەکانی سوپای قودسە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق. بە گوێرەی زانیارییەکان، فەرهادی ساڵی ١٩٩٥ لە قەرارگای زەفەری شاری کرمانشان بووەتە بەرپرسی بەشی هەواڵگریی قەرارگاکەو ساڵی ٢٠٠٣ پلەی بەرزکراوەتەوەو کراوەتە جێگری بەرپرسی ئەو قەرارگایە.

لە کاتی جەنگی ئازادیی عێراقدا، فەرهادی لەگەڵ فەیلەقی بەدری سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی هاتووەتە عێراق‌و سەرپەرشتیی کردوون هەتا هاتوونەتە شاری بەغداوە، کاری فەرهادی لەم نێوانەدا ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان سوپای قودس‌و سوپای بەدر بووە لەڕێگەی قەرارگای زەفەرەوە کە یەکێکە لە قەرارگاکانی ڕەمەزان. پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق‌و گواستنەوەی قەرارگای زەفەر بۆ قەسری شیرین لەسەر سنووری عێراق، فەرهادی بووەتە جێگری عەمید مسگریان فەرمانداری قەرارگاکەو ڕاستەوخۆ لە کەلار نیشتەجێ بووەو سەرپەرشتیی چالاکییەکانی سوپای قودسی کردووە لە پارێزگای دیالە. بەپێی هەمان سەرچاوە، ساڵی ٢٠٠٤ هێندەی نەمابووە کە فەرهادی لە بارەگا نهێنییەکەی

سوپای قودس لە شاری کەلار دەستگیربکرێت، بەڵام بەهۆی هاوکاریی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانەوە فەرهادی لەو هەڵمەتەدا رزگاری بوو و گەڕایەوە کرمانشان. پاش ماوەیەك فەرهادی گەڕایەوە کوردستانو بوو بە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئێران لە شاری دەربەندیخان کە بارەگاکەی لە تەنیشتی بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشەوە بووە لەو شارەدا. پاشان گەڕاوەتەوە کرمانشانو سەرپەرشتیاریی تۆڕە تیرۆریستییەکانی ناو عێراقی کردووە لە پارێزگاکانی بەغداو دیالەو سلێمانی. لەم رووەشەوە پەیوەندیی لۆجیستیی گەیاندووەتە ژمارەیەك رێکخراوی تیرۆریستی، لەوانە؛ تۆڕی تیرۆریستیی ئەبو مستەفای شەیبانی کە لە ٣٠ی ئابی ٢٠٠٧ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیرکرا. لەدوای ئەم چالاکییانەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ پلەی بەرزکرایەوە بۆ عەمیدو کرایە فەرمانداری قەرارگای زەفەر لە جێگەی عەمید مسگەریان.

## فەیلەقی قودسو ئیتڵاعات

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوڵەتێکی ئیستیخباراتییە، تەنها وڵاتە لە دونیادا کە وەزارەتێکی تایبەتی بۆ کاروباری ئیستیخبارات هەبێت بەناوی وەزارەتی ئیتڵاعات، لە کاتێکدا لە وڵاتانی دیکەدا تەنها ئاژانس هەیە.

ئیتڵاعات لە بنەمادا دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەتێکی دیکەدا. ئەوەی ئێران بەڕێوەدەبات ئیتڵاعاتە نەك حکومەت، ئەرکی سەرەکیی ئەم وەزارەتە پاراستنی سیستمی سیاسیی وڵاتو لەناوبردنی ئەو هێزو گروپانەیە کە رووبەڕووی بەرژەوەندییەکانی ئێران دەبنەوە یان دەبنە کۆسپ لە ناوەوەو دەرەوەی ئێران.

سیستمی سیاسیی ئێران سیستمی ویلایەتی فەقیهە کە بەپێی مادەی پێنج لە دەستووری ئێران، هەتاوەکو دەرکەوتنی ئیمامی غائیب رابەری شۆڕش بەرپرسی یەکەمە لە وڵاتدا. هەروەها بەپێی مادەی ٥٧ی هەمان دەستوور سەرپەرشتیی رەهای دەسەڵاتەکانی تەشریعیو تەنفیزیو قەزایی دەکات. بەم پێیەش رابەر جگە لە دەسەڵاتە دینییەکەی، دەسەڵاتی بەسەر حکومەتو پەرلەماندا هەیەو بۆ خۆشی سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکانی وڵاتە.

لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا دوو جۆر دەزگای هەواڵگریی هەیە؛ یەکەمیان موخابەراتە کە راستەوخۆ پەیوەستە بە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەو راپۆرتەکانی بۆ دیوانی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی دەرەوە ئامادەدەکات. دووەمیان دەزگای ئیستیخباراتە کە پەیوەستە بە سوپاوەو راپۆرتەکانی بۆ سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان ئامادەدەکات، بەم پێیەش لە ئێراندا دوو دەزگای ئیستیخباراتیی گەورە شانبەشانی یەکدیو بە هەماهەنگی کاردەکەن، ئەوانیش وەزارەتی ئیتڵاعاتو سوپای قودسن (کە بەشە ئیستیخباراتییەکەی سوپای پاسدارانی ئێرانە)، راپۆرتەکانی ئەم دوو دەزگایە دەچێتە بەردەمی دەزگایەکی باڵاترەوە، ئەویش ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییە. سوپای قودس بەشێکە لە سوپای پاسدارانی ئێران، کە سوپایەکی ئیستیخباراتیی عەسکەریو نهێنییە. ساڵی ١٩٨١ دامەزراوەو لە ١٠٠ فەوجی پیادە پێکهاتووە، ژمارەی هەر فەوجێك ٦٠٠ تا ٨٠٠ کەسە، هەر فەوجێك ژمارەیەکی نهێنیی هەیە کە لە ١٩٠٠وە دەستپێدەکاتو بە ١٩٩٩ کۆتایی دێت. بۆ نموونە؛ فەوجی ١٩٥٦ لە لوبنانەو فەوجەکانی ١٩٥٤-١٩٥٥ لەناو عێراقدان. ئەگەر کاری سەرەکیی سوپای پاسداران پاراستنی وڵات بێت لە ناوەوە، ئەوا کارو چالاکییەکانی سوپای قودس ئاڕاستەکراوە بۆ دەرەوەی ئێرانو کارەکەی بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵاتو ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی تر (تصدير الثورة)و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە وڵاتانی ترو لێدانو لەناوبردنی نەیارو بەرهەڵستکارەکانی ئێرانو لێدانی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانەی دژی ئێرانن. بەم پێیەش ئەم سوپایە دابەشکراوە بەسەر چەند فەیلەقێکدا کە هەر یەکێك لەو فەیلەقانە تایبەتکراوە بە وڵات یان چەند وڵاتێکی دیاریکراوەوە. بۆ نموونە؛ فەیلەقی یەك تایبەتە بە عێراقو پێیدەوترێت (قەرارگای رەمەزان)و بارەگا سەرەکییەکەی لە تارانی پایتەختی ئێرانەو لەلایەن عەمید ئیراجی مەسجدییەوە سەرپەرشتیی دەکرێت. فەیلەقی دوو تایبەتە بە پاکستانو پێیدەوترێت (قەرارگای نەبی ئەکرەم)و





بارەگاکەی لە شاری زاهیدانە، فەیلەقی سێ تایبەتە بە کاروباری تورکیاو بارەگاکەی لە شاری ورمێیەو پێیدەوترێت (قەرارگای حەمزە). فەیلەقی چوارم تایبەتە بە کاروباری ئەفغانستانو بارەگاکەی لە شاری مەشهەدەو پێیدەوترێت (قەرارگای ئەنسار). فەیلەقی پێنجەم دیسانەوە تایبەتە بە کاروباری تورکیا. فەیلەقی شەش تایبەتە بە وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارس (عەرەب). فەیلەقی حەوت تایبەتە بە سوریاو لوبنانو فەلەستین. فەیلەقی هەشت تایبەتە بە وڵاتانی ئەفریقا وەك جەزائیرو تونسو سودان، فەیلەقی نۆ تایبەتە بە ئەوروپاو ئەمریکاو هەندێك وڵاتی رۆژهەڵاتی دوور. جگە لەمە، سوپای قودس ١٢ بەڕێوەبەرێتیو یەکەی لێکۆڵینەوەی کاروباری وڵاتانی هەیە کە ئەمانەن: یەکەی کاروباری عێراق، یەکەی کاروباری پاکستان، یەکەی کاروباری لونبان، یەکەی کاروباری سوریا، یەکەی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکەی کاروباری روسیاو یەکەی کاروباری ئەوروپاو ئەفریقاو ئەمریکاو چەند یەکەیەکی تر. کاری ئەم یەکەو بەڕێوەبەرێتییانە، لێکۆڵینەوەی هەواڵگرییو سیاسیو سەربازییە لەو وڵاتانەداو بەستنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەو هێزو گروپانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندانو هاوکاریکردنیان لەڕێگەی پێدانی پارەو مەشقپێکردنەوە، لە شێوەی گروپی بچووکدا کە هەر گروپێك لە ٤٥ کەس تێناپەڕێت.

ئەوەی لەم راپۆرتەدا تەرکیزی لەسەر دەکرێت، فەیلەقی یەکی سوپای قودسە کە تایبەتە بە عێراقو پێیدەوترێت قەرارگای رەمەزان. قەرارگای رەمەزان ئەو بەشەی سوپای قودسە کە تایبەتە بە کاروباری عێراق، گرنگترینو فراوانترینو چالاکترین بەشی سوپای قودس قەرارگای رەمەزانە، کە لە ساڵی ١٩٨٤و لە گەرمەی شەڕی ئێران- عێراقدا دروستبووە. دەتوانرێت بوترێت هەموو مامەڵەکردنێکی ئێران لەگەڵ عێراقدا لەڕێگەی ئەم دەزگایەوەیە کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی عێراقو پاراستنی بەرژەوەندییەکانو لێدان لە نەیارەکانو ئەنجامدانی چالاکیی سیاسیو ئابووریو هەواڵگرییو سەربازیی لەناو خاکی عێراقدا. قەرارگای رەمەزان زیاتر لەوەی لە بەشێکی بچووکی دەزگایەك بچێت، ئێستا بۆ خۆی دەزگایەکی ئاڵۆزو فراوانەو هەیکەلێکی ئیداریی جاڵجاڵۆکەیی بەڕێوەیدەباتو هەزاران کەس کاری تێدا دەکەن، سەرۆکەکەی ناوی قاسم سلێمانیو جێگرەکەی ناوی ئەحمەد فروزەندی-یە. جگە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی راهێنانی عەقائیدی کە نوێنەری ویلایەتی فەقیە سەرپەرشتیی دەکات، بەشەکانی نووسینگەی لێکۆڵینەوەو نووسینگەی قەزاو نووسینگەی سەرۆکایەتیو بەشەکانی دامەزراندنو راهێنانو لۆجستیو چالاکیو پلانو لێکۆڵینەوەی ستراتیژیو بەشی ئەحزابو فەرمانگەکانو کەسایەتیی تایبەتو ئامارو هەڵسەنگاندنو دامەزراندنی بەسیج دەگرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کارە مەیدانییەکانی خۆی بەسەر چوار قەرارگای سەرەکیدا دابەشکردووە کە هەر یەکێك لەو قەرارگایانە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراوی عێراقەوە، بۆ نموونە؛

**فەیلەقی یەکی سوپای قودس تایبەتە بە عێراقو پێیدەوترێت قەرارگای رەمەزان، قەرارگای رەمەزان ئەو بەشەی سوپای قودسە کە تایبەتە بە کاروباری عێراق، گرنگترینو فراوانترینو چالاکترین بەشی سوپای قودس قەرارگای رەمەزانە، کە لە ساڵی ١٩٨٤و لە گەرمەی شەڕی ئێران– عێراقدا دروستبووە**

قەرارگای نەسر تایبەتە بە کاروباری هەرێمی کوردستانو باکوری عێراقو بارەگاکەی لە ساڵی ٢٠٠٣وە هاتووەتە مەریوانو لەلایەن عەمید عەلیزادەوە سەرپەرشتیی دەکرێت، هەرچەندە پێشتر بارەگای سەرەکیی ئەم قەرارگایە لە نەغەدە بووە، بەڵام لە کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراقدا بارەگاکەی هێنراوەتە مەریوان. قەرارگای نەسر، ئەو بەشەی قەرارگای رەمەزانە کە کار لەسەر هەرێمی کوردستان دەکاتو ئەویش چەندین بارەگای لە شارەکانی عێراقدا هەیە، لەوانە؛ بارەگای سلێمانیو سەلاحەدینو دهۆكو هەڵەبجە. هەرچەندە هەتا پێش شەڕی ئازادیی عێراق ساڵی ٢٠٠٣، سەرجەم ئەو بارەگایانە بەناوی قەرارگای رەمەزانەوە بوون، بەڵام دوای هاتنی ئەمریکا، ئێران ناوی بارەگاکانی گۆڕی بۆ مەکتەبی پەیوەندیو کونسوڵگەرییو نووسینگەی بازرگانیو ناوەندی رۆشنبیری، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەرکەکەیانو ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن بگۆڕدرێن. بۆ نموونە؛ ئاغای حورمەتی کە بەرپرسی قەرارگای رەمەزان بووە لە سلێمانی، لەدواییدا بووە بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی ئێران لە هەمان شار. هەروەها قەرارگای رەعد لە شاری مەریوان لەلایەن ئاغای مەجیدی-یەوە سەرپەرشتیی دەکرێتو دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە: یەکەمیان، هەماهەنگی لەگەڵ جەماعەتی ئەنسارولئیسلام. دووەمیشیان، بەرپرسە لە ناوچەکانی باشووری هەرێمی کوردستان. قەرارگای زەفەریش تایبەتە بە پارێزگاکانی دیالەو سەلاحەدینو بەغداو بەشێك لە شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان،



لەوانە؛ دەربەندیخانو کەلارو خانەقینو بارەگا سەرەکییەکەی لە شاری کرمانشانەو هەتا ئەم دواییانە عەمید مسگریان سەرپەرشتیارو مەحمودی فەرهادی کە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا لە سلێمانی دەستگیرکرا، جێگری بوو. ئەم قەرارگایە چەند بارەگایەکی هەیە لە شارەکانی قەسری شیرینو پاوەو ماوەیەکیش لە دەربەندیخانو کەلار نووسینگەی هەبووە.

گرنگترین بەشی قەرارگای رەمەزان لە عێراق، قەرارگای فەجرە، کە بارەگاکەی لە شاری ئەهوازەو سەرپەرشتیی کاروبارەکانی سەرجەم شارە شیعەنشینەکان دەکاتو لەلایەن عەمید عەبیداوی-یەوە سەرپەرشتیی دەکرێتو سێ بارەگای دیکەی هەیە، لەوانە؛ خوڕەمشەهرو بوستانو شەلامچە.

## تەدەخولاتی ئێران لە عێراق

بەپێی دانپێدانانەکانی ئەفسەرێکی هەڵهاتووی موخابەراتی ئێرانی بەناوی (عەقید ئیسماعیل) بۆ رۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)ی لەندەنی لە ٢٠٠٥/٨/٢٤دا، ئاماژەی بەوە کردووە لەگەڵ هاتنەوەەی سوپای بەدردا لە ئێرانەوە بۆ عێراق کە ژمارەیان ١٤ هەزار کەس بوو، ٤ هەزار سەربازو ئەفسەری پایەبڵندی سوپای قودس هاتوونەتە عێراقەوە کە لەنێویاندا بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی سوپای قودس هەبوون، لەوانە؛ مەحمودی فەرهادیو عەمید مسگریان کە بە ناسنامەی ساختەوە هاورێیەتیی گەرانەوەی سوپای بەدریان کردووە هەتاوەکو ناو شاری بەغدا.



سوپای بەدر کە لە بنەڕەتدا بە (بدر ٩) ناسراوە، ساڵی ١٩٨٦ لە گەرمەی شەڕی عێراق- ئێراندا لەلایەن سوپای قودسەوە دروستکراوەو هەر ئەوانیش مەشقو راهێنانیان پێکردوون. سوپای بەدر لە ٢٥٠٠٠ کەس پێکهاتووەو باڵی سەربازیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەو لەلایەن هادی ئەلعامری کەسایەتیی ناسراوی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە سەرپەرشتیی دەکرێت کە حاڵی حازر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو سەرپەرشتیاری لیژنەی ئاسایشو بەرگرییە لە پەرلەمانی عێراق.

بەپێی لیستێکی تایبەت کە لەلایەن بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی موجاهیدینەوە خراوەتەڕوو، لە ٢٠٠٧/١/٢٧دا ٣١٦٠٩ کەس لە عێراقدا تەجنید کراون لە سوپای قودسداو لەلایەن ئێرانەوە پارەیان پێدەدرێت کە حەڤدە هەزار لەوانە لەنێو سوپای بەدردان. بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتەی کە دانەیەکی لەلای (الڤین) هەیە، ناوی تەواوی ژمارەیەک لەو کەسانەو ناوە ئێرانییەکەیانو شوێنی کارو شوێنی نیشتەجێبوونو پلەی سەربازییانو ژمارەی نێهینی بانقو بڕی مووچەی مانگانەی هەموو ئەوانەی تێدایە. وتەبێژەکەی موجاهیدین ئاماژەی بەوە کردووە کە دەستکەوتنی ئەم دۆکیۆمێنتانە بە نرخێکی زۆر گەورە لەسەریان کەوتووە.

لە ماوەی رابردووشدا دادگای سەربازیی ئێران، حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر عەقیدێکی

**قەرارگای نەسر تایبەتە بە کاروباری هەرێمی کوردستانو باکوری عێراقو بارەگاکەی لە ساڵی ٢٠٠٣وە هاتووەتە مەریوانو لەلایەن عەمید عەلیزادەوە سەرپەرشتیی دەکرێت، ئەو بەشەی قەرارگای رەمەزانە کە کار لەسەر هەرێمی کوردستان دەکاتو ئەویش چەندین بارەگای لە شارەکانی عێراقدا هەیە، لەوانە؛ بارەگای سلێمانیو سەلاحەدینو دهۆکو هەڵەبجە**

خۆیدا دا کە لە دەزگای هەواڵگریی سەربازی کاریکردووەو تاوانبار کراوە بە پێدانی زانیاری بە هێزە ئەمریکییەکان لەسەر شوێنی مانەوەو شیفرەی نهێنیی ئەندامانی سوپای قودسو فرۆشتنی چەندین بەڵگەنامەو نەخشە کە شوێنی کورە ئەتۆمییەکانی ئێرانی تێدایە. هەروەها بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکان، ١٠٨ کەس لە گەورە بەرپرسانی عێراقی پەیوەندییان بە سوپای قودسەوە هەیە کە زۆربەیان لە حکومەتەکەی مالیکیدانو لە پلەکانی وەزیرو پەرلەمانتارو راوێژکارو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیو فەرماندەی سوپاو پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاو سەرۆکی شارەوانین، کە لەنێویاندا هەریەك لە موەفەق ئەلڕوبەیعی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییو بەیان جەبر سۆلاغ وەزیری ناوخۆی پێشوو و دارایی ئێستاو هادی ئەلعامری ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو حسێن حەمەد عەلی مەنان ئەلبەغدادی پارێزگاری بەغداو حەمەد عەلی حەسەن پارێزگاری موسەنناو لوئەی ئەحمەد هاشم جێگری پارێزگاری بەسرەو عەبدولحسەین عەبدولڕەزا جێگری پارێزگاری نەجەف هەیە.

هەروەها وەزارەتی ناوخۆی عێراق یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە گەورەترین ئیختیراقی تێداکراوە لەلایەن سوپای قودسەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی بەیان جەبر سۆلاغدا. بەرپرسێکی دەزگای ئیستیخباراتی عێراق کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرابکرێت بە (الڤین)ی راگەیاند «گومانێکی زۆر هەیە لەلایەن ئیتلاعاتەوە ئیختیراقی وەزارەتی ناوخۆ کرابێت، تەنانەت هەمیشە دەوترێت کە دووقاتی بیناکە ئیتلاعات دەوامی تێدادەکات.»

لە مانگی رابردووشدا، شیروان وائیلی وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق بە رۆژنامەی (ئەلزەمان)ی راگەیاند «موخابەراتی هەموو دنیا کار لەسەر عێراق دەکات بە موخابەراتی محەمەد دەحلانی فەلەستینیشەوە.»

بەپێی لێدوانەکانی ئەفسەرە هەڵهاتووەکەی سوپای قودس بۆ (شەرقولئەوسەت)، ئێران لە عێراقدا ٥٠٠٠ شوقەو دوکانی کڕیوەو هەزاران خوێندکاری ئایینی ناردووە بۆ عێراقو لە هەموو شارێك نوێنەری ویلایەتی فەقیە هەیە کە راستەوخۆ سەر بە نووسینگەی خامەنەئینو لەلایەن ئاغای بورهانی نوێنەری خامەنەئییەوە لە سوپای قودسدا سەرپەرشتیی دەکرێنو لەڕێگەی چەند لیژنەو رێکخراوێکی ئاینییەوە کارەکانی خۆیان دەکەن، لەوانە؛ (لیژنەی موبین، لیژنەی کەوسەرو هیلالی ئەحمەری ئێرانیو دەزگای شەهیدو دەزگای رەفاهی خەڵکی عێراق).

ئەمە جگە لە کردنەوەی زیاتر لە ١٠٠ کتێبخانەو ناردنی هەزاران کاسێتو سیدیو کتێبی ئایینیو دابەشکردنی بەسەر زانکۆو قوتابخانەکاندا. بەپێی زانیارییەکان خەرجی ئەم کارانە لەلایەن نووسینگەی خامەنەئییەوە دەدرێتو مانگانە بە سی تا چل ملیۆن دەخەملێنرێت. ئەمە جگە لەوەی خەرجیی کەناڵە ئاسمانییەکانی فوراتو مەسارو بیلادیو نەخیلو رافیدەین راستەوخۆ لەلایەن مەکتەبی خامەنەئییەوە دابیندەکرێتو خەرجیی مانگانەیان ملیۆنان دۆلارە.